# سیستەمی ئابووری‌و سیاسەتە ئابووریەکانی دەوڵەتی ئەڵمانیا

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: ئەمیری حاجی موحەممەد

لەدەستووری ئەڵمانیادا سیستەمێکی ئابووری دیاری کراو، پێشبینی نەکراوە، بەڵام لەم دەستوورەدا ئابووریەك كە لەسەر بازاڕی ئازادی بێگەرد دامەزرابێ، لەگەڵ بەرقەرارکردنی دەوڵەتی کۆمەڵایەتی‌دا بەسنووردارییەوە دیاری کراوە. سنووردارکردنی تواناو هێزە بازاڕیەکانی لەگەڵ کاردانەوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەستەبەری پاراستنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بازاڕن کە چوارچێوەی ئابووری ئەم وڵاتەی لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا شێواز دابوو.

## (ئابووری کۆمەڵایەتی بازاڕ)

باوکی ئابووری بازاڕو بەرزبوونەوەی بێ وێنەی ئابووری ئەڵمانیاو گەشەکردنی دوای شەڕی جیهانی دووەم، (لۆدویك ئێرهارد)بوو. ئەو یەکەمین وەزیری ئابووری کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیاو پاشی ئەوەش بۆ ماوەیەکی کورت بوو بەراوێژکاری ئەڵمانیا. خزمەتی مێژوویی ئەو ئەمەبوو کە پلانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بازاڕی داناو سیستەمێکی ئابووری دیاری کراو لەئەڵمانیای رۆژئاوادا پیادەکرد. بەپێی ئەم پلانە پێویستە چالاکی ئازادانەی تواناکان لە بازاڕدا بەدی بێت، لەبەر ئەوەی رادەی مەسرەفی بەرزکردووەتەوە، بەرهەم هێنەرانی کاڵای هاندەدا بۆ داهێنان‌و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی‌و داهات‌و قازانجیشی بەپێی تواناو لێهاتنی تاکی دابەش دەکرد. ئەم سیستەمە ئابووریە پێش لەهەرشتێك بەرگری لەچڕ بوون‌و چەق بەستنی هێز لەبازاڕدا دەکات، ئەرکی سەرشانی دەوڵەت بەدیهێانی زەمینەیە بۆ چالاکی پێشبڕکێ کردن. دەوڵەت دەبێ شان بەشانی ئەم کارانەش هەوڵ بدات کە ئامادەیی‌و توانای قبوڵ کردنی بەرپرسیاریەتی کەسەکان سەبارەت بەکارەکانیان بەدی بهێنێ‌و سەربەخۆیشیان پتر کاتەوە. دەوڵەت بە قبوڵ کردنی بەرپرسیارێتی بەرفراوان نابێ ئەو دوو بەشەی پلانەکە پەك بخات‌و کزی بکاتەوە چونکە زۆر و فراوان بوونی کارەکانی دەوڵەت، ئابووری و کۆمەڵگە بەساندنی باج‌و خەراج دەخاتە ژێر گوشارەوە. ئەمانەش دەبنە هۆی زیانی کاری‌و ئازادی بەدەستهێنانی داهاتی پێشەوەری سنووردار دەکات.

لەئەڵمانیا بۆ ماوەیەکی درێژ یەك سیستەمی دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسیەکاندا کە لەبێکاری، نەتوان کاری کارکردن، روداوەکان، نەخۆشیەکان، پیری‌و لە هەموو زیانە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیدا دەبێ، دروست بووە کە لەئاستی نێودەوڵەتیدا کراوەتە نموونە بۆ وڵاتانیتر. یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی ئەڵمانیا هاوکاری هێزە کۆمەڵایەتیەکانە (خاوەن کار و کار کرێکاران)ە کە لەدانانی مزی بیمەی خانەنشینی، نەخۆشی، چاودێری‌و بەخێوکردن‌و بێکاریدا وەکهەڤ بەشدارن. هاوکاری‌و بەشداری کردنی سەندیکایان‌و خاوەن کاران لەچارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەچوارچێوەی یەك یاسای گشتیدا دابین کراوە.

دەستووری ئەڵمانیا لەئەسڵی نۆیەمی خۆیدا سەربەخۆیی بۆ دیاری کردنی (پێناسەکان) (تعرفەها)، یانی مافی هێزە کۆمەڵایەتیەکان بۆ دیاری کردنی بارودۆخی کار بە بەرپرسیارێتی‌و لەلایەنی خودی ئەوانەوە دابین کردووە. لەم یاسادا گرێ بەستی پێناسە (تعرفە)و یاسای پەیڕەوی ناوخۆی کارگە هەردووکیان لەلایەن خاوەن کارو کار کرێکارانەوە داڕێژراوە، یاسای کارو کێشە پەیوەندیدارەکان بەکارگەوە دیاری کراوە.

بەچاکسازی کردنی لەیاسای کار، بەتایبەتی یاسای پارێستن لەبەرانبەری دەرکردن‌و یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی، خەرجە لاوەکیەکانی دەسمز نزم‌و گەشەی ئابووری بەرز بووەتەوە.

## بڕیار نامەکانی پێناسە (تعرفە)

بەشێوەی گشتی دوو جۆر پێناسە هەیە کە لەلایەن سەندیکاکانەوە لەگەڵ ئەنجومەنەکانی خاوەن کاران یان یەکا یەکی خاوەن کارەکاندا گرێ دەدرێ:

1- پێناسەی مووچەو دەسمز کە شێوەی دانی دەسمز بەکرێکاران‌و کارمەندان دیاری دەکات. ئەم جۆرە پەیماننامەی پێناسە (تعرفە) بەشێوەی ئاسایی بۆ ماوەیەکی کورت گرێ دەدرێ.

2- پێناسەی (پوشین)ە کە بەشێوەی ئاسایی بۆ ماوەی چەند ساڵێك گرێ دەدرێ‌و پرسە گشتیەکانیتری دەست لەکارکێشانەوە یان دەرکردن، دانی مزی زیادە کاری، دەگرێتەوە. لەم دووە زێتر، پەیماننامە گەلێکیتری پێناسەی تایبەتیشی هەیە دەربارەی پیشەفێرکردن، شێوەی دەستەبەرکردنی سەردەمی خانەنشینی، پیشتگیری لەبەرانبەری کەم کردنەوەی کارەمەندان‌و کرێکارانی کارگەکان.

هەردوو لایەنی پەیماننامەکانی پێناسە لەشێوەی رێکخستنی پەیماننامە لەنێوانیاندا ئازادن. لەهەمانکاتدا پێویستە لەسەریان لەچوارچێوەی یاسا دەرنەچنەدەر. بۆ نموونە بەپێی یاسا نابێ ماوەی کارکردنی کاری هەفتانە لە 48 کاتژمێر تێپەڕ بکات. بەکردەوە هەموو کرێکاران بەپێی ئەو پێناسانەی کە هەن کەمتر لە 40 کاتژمێرو هەندێکیتر تەنیا 35 کاتژمێر لەهەفتەدا کاردەکەن. ئەم کارە سەبارەت بەمۆڵەتیش دروستە. بەپێی یاسا، ماوەی مۆڵەتی ساڵانە بەلانی کەمەوە 24 رۆژی کاری دیاری کراوە. لەکاتێکا بەپێی پێناسەکانی ئێستا درێژی ماوەی مۆڵەت 30 رۆژی کاریە. هەموو کرێکارو کارمەندان بەپێی پەیماننامەکانی پێناسە لەبری چێژنانەو مۆڵەت پارە وەردەگرن.

دەسمزومووچەی کرێکاران‌و کارمەندان‌و پارە دانەکانیتر بە ئەوانە لەبەشە ئابووریەکاندا بەشێوەی واقعی لەبودجەی ساڵانەدا پێشبینی دەکرێ‌و دەیگونجێنن‌و بەپێی ئەو یاسانەی کە لەپێناسەدا دیاری کراوە.

## (خەباتی کرێکاری)

سیستەمێ کە لەئەڵمانیادا بۆ دیاری کردنی مووچەی کرێکاران پێشبینی کراوە، گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ وڵاتانی تردا، بووەتە هۆی ئارامی‌و خاتر جەمی کۆمەڵایەتی. هەوڵ‌و خەباتی کرێکاران لە ئەڵمانیادا تەنیا بۆ گرێدانی پەیماننامەکانی پێناسەیە. لەم رووەوە تەنیا دوو لایەنی پەیماننامەی پێناسە رێگەی وەها خەباتێکیان لەبەرانبەر یەکتردا پێ دەدرێ. هەر دوولا بەدرێژایی ماوەی یەك پەیماننامەی پێناسە ناچارن بەجێ بە جێ کردن‌و پاراستنی هێمنی. بەم مانایە کە لەم ماوەیەدا مان گرتن بۆ بەدەستهێنانی داواکار زیاتر لەوەی کە لەرێکەوتنەکاندا دیاری کراوە قەدەغەیە. بۆ پێش گیری کردن لەمان گرتن، توانای دادوەریش پێشبینی کراوە کە بەپێی ئەوە دادوەرانی سەربەخۆ دەتوانن پێشنیارگەلێك بۆ کۆتایی پێدانی ئەم مانگرتنەو چارەسەرکردنی جیاوازیەکانی یەك پێناسە بخەنەروو. لەپەیڕەوی سەندیکاکان دیسان پێشبینی کراوە کە راگەیاندنی مان گرتنێك تەنیا دوای راگیری راستەوخۆی زۆرینەی ئەندامانی یەك سەندیکا شیاوی قبوڵ کردنە. لەلایەکەوە ئەم مافە بۆ کرێکاران پێشبینی کراوە، لەلایەکیتریشەوە خاوەن کاران مافی ئەوەیان هەیە کە بەرگری لەچوونەژوورەوەی کرێکاران بۆ ناو کارگە بکەن، ئەگەرچی دادوەری لەنێو رای گشتیدا سەبارەت بە سوود وەرگرتن لەم مافە وەکهەڤ نیە، وەلێ بەم پێیە خاوەن کاران دەتوانن لەهاتنەژوورەوەی کرێکاران بۆ کارگە بەرگری بکەن بەردەوامبوونی کاری کرێکاران رابگرن. دەوڵەت لەکاتی خەباتی کرێکاری هەڵوێستی بێ لایەنی هەیە. لەم رووەوە کە مان گران‌و کرێکارانێ کە بەرگری دەکرێن لەچوونەژوورەی کارگە مافی وەرگرتنی مزی بیمەی بێکاریان نیە. تەنیا ئەندامانی سەندیکاکان بۆ قەرەبوو، کەم بوونەوەی داهاتیان کۆمەك لەسەندوقی مان گرتنی سەندیکا وەردەگرن، لەکاتێکا کە ئەوانەی ئەندامی سەندیکانین دەس بەتاڵ دەمێننەوە. هەڵبەتە کرێکاران‌و خاوەن کاران تەنیا وەك دوژمن لەبەرانبەر یەکتردا نین. ئەوانە لە زەمینە جۆراوجۆرەکاندا، لەگەڵ یەکتردا کاریان هەیە. نوێنەری یەکێتیەکانیان سەرەڕای هاوکاری کردنیان لەکارگەکاندا، لەشوێنەکانیتردا پێکەوە کاردەکەن. یەکێ لەو دەرفەتانە نوێنەرانی هەردوولا ئەندامی کۆمیسۆنەکانی بەرپاکردنی ئەزموونەکانی فێرکارین. لەدادگاکانی کاردا کە سەبارەت بەجیاوازی‌و کێشەکانی کارەوە بەدی دێت. بڕیار دەدەن، لەگشت دادوەریە خۆبەخشیەکاندا ئەرکی بڕیاردانیان هەیەو هەموشیان لەنێوان کرێکاران‌و خاوەن کاراندا هەڵدەبژێردرێن لەچوارچێوەی سەربەخۆیدا) نیوەی لەئەندامانی دەستەی کارگێڕی‌و کۆمەڵەی نوێنەرەکانی سەندوقی بیمەی کۆمەڵایەتی، وەك بیمەی خانەنشینی لەنوێنەرانی کرێکاران‌و نیوەیتری لە نوێنەرانی خاوەن کاران پێك دێن.

پەیڕەو و رێسای کارگەو بەشداربوون لەگەڵاڵەکردنی بڕیاردانەکاندا بەشداری کردنی کرێکاران لەبڕیارە پەیوەندی دارەکان بەکارگەوە بەشێ لەکۆڵەکە بنەڕەتیەکانی ئابووری ئەڵمانیایە.

یاساو رێسای کارگە کە لەساڵی 2001 ز چاکسازی کرا، شێوەی هاوکاری لەنێوان کرێکاران، ئەنجومەنی کارگە، سەندیکاکان و یەکێتیەکانی خاوەن کاران رێك دەخات. مەبەست لەم یاسایە بەشداری کردنی ئەنجومەنی کارگەیە بەنوێنەرایەتی لەلایەن کرێکارانەوە، لەبڕیاردانەکانی پەیوەند بەکارگەوە. لەچەقی یاسای پەیوەند بە بەشداریکردن لەبڕیاردانەکان، پرسگەلێك پەیوەندن بە ماوەی کارکردن، رێکخستنی کارو شێوەی دابەشکردنی ئیشەکان دەگرێتە خۆ. لەیەکێ لەبڕیارە گرنگەکانی بەشداربوون لەبڕیارداندا پێشبینی کراوە ئەوەیە کە خاوەن کار پێش لەدەرکردنی هەر یەکێك لەکرێکاران، دەبێ راوبۆچوونی ئەنجومەنی کارگە وەربگرێ. ئەگەرەکو ئەم کار ئەنجام نەدات دەرکردنەکە نایاساییەو وەك ئەوەیە کە ئەم بڕیارە خۆی لەخۆیدا بەتاڵ بوویێ. لە ئەرکەکانیتری ئەنجومەنی کارگە چاودێر لەسەر پەیڕەوی کردنی یاساو رێسای پەیوەند بە کرێکارانەوەیە، ئەو بڕیاردانەی کە پەیوەندن بە بەرگری لەسەرهەڵدانی کارەسات کە بەهۆی کارەوە رودەدات، جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پێناسە (تعرفە)و بڕیارەکانیتری کارگە.

لەیاسایی بەشداریکردن لەبڕیاردانەکانی دامەزراوەکان، بەشداربوونی کرێکاران لەبەڕێوەبردن لەرێگەی ئامادەبوونی نوێنەرانێ لەوانە لەدەستەی چاودێری کارگەدا پێشبینی کراوە. ئامادەبوون لەدەستەی چاودێری، بەشداریکردن لەپلانەکان‌و بڕیارە گرنگەکانی دامەزراوە دەستەبەر دەکات. دەستەی چاودێر دیسان دەتوانێ ئەندامانی دەستەی کارگێڕی کارگە دانێ. پێکهاتەی دەستە چاودێریەکان لەکارگەگەلێك کە مافی بەشداریکردنیان لەبڕیاردانەکاندا هەیە جیاوازن لەرووی شێوازی یاسایی کارگە، ژمارەی کرێکاران‌و بەشی چالاکیەوە. بەپێی یاسای مافی بەشداریکردن لەبڕیاردان، کە لەساڵی 1976 دەرچووە، نیوەی لەئەندامانی دەستەی چاودێر لەلایەن خاوەن بەشە سەرمایەدارانەوە نیوەیتری لەلایەن کرێکارانی کارگەوە هەڵدەبژێردرێ. مافی بەشداریکردن لەبڕیاردانەکاندا لەسەر ئەم باوەڕە راوەستاوە، کە رەوابوونی دیموکراسی نابێ تەنیا لەبەشە دەوڵەتیەکاندا قەتیس بمێنیتەوە، وە دەبێ بچێتە ناو جەرگەی هەموو بەشە کۆمەڵایەتیەکانیترە.

## (سیاسەتی ئابووری)

ئامانجی گشتی سیاسەتی ئابووری لەئەڵمانیا راگرتنی نرخەکانە، دەستەبەرکردنی دەرفەتی کاری زۆرتر، پاراستنی هاوسەنگی بازرگانی دەرەوەو دەستەبەر کردنی گەشەی بەردەوام‌و هاورێژە لەئابووریدایە. ئەرکی بنەڕەتی سیاسەتی ئابووری وەك هەمیشە کەم کردنەوەی بێکاریە. فەراهەم کردنی دەرفەتەکاریە تازەکانە کە تەنیا لەرێگەی سەرمایە گوزاری‌و تەکنەلۆژیایەوە بەدی دێت.

یەکێ لەگرنگترین لایەنگرانی سیاسەتەکانی پشتگیری کردنی لەلایەن دەوڵەتەوە، نزیکەی 3 ملیۆن بنکەی سەربەخۆو کارگەی بچووك‌و میانە لەبەشەکانی بازرگانی، پیشەوەری، خزمەتگوزاری‌و پیشە ئازادەکانن. دەیان هەزار کارگەی میانە لەبەشی بەرهەمێنان، بەتایبەت لەپیشەسازیەکانی ئامێر دروست کردن‌و مەکینە سازی، بەرهەمهێنەرانی ئامێرو کەرەستەکانی‌و بەشە تازەکانی پیشەسازی وەك تەکنەلۆژیایی بێلۆژیکی‌و پیشەسازیەکانی دروست کردنی لاندك (نانو)، پایەو بنەمای توانای پێشبڕکێی لەئابووری ئەڵمانیادا پێك دێنن. بۆ ئەوەی کارگە میانەییەکان بتوانن دەرفەتی کاری زیاتر بخولقێنن، دەبێ هەلو مەرجی دەست بەچالاکی کردن بەتایبەتی بۆ کارگە بچووکەکان باشتر بکرێت.

یەکێ لەپێش مەرجە گرنگەکان بۆ بەردەوامی چالاکی ئابووری لە ئەڵمانیادا بوونی پێشبڕکێی ئازادە کە بەیاسا دژی سنووردارکردنی پێشبڕکێیە، درێژەپێدانیشی دەستەبەرکراوە. لەئەم یاسادا ئەو پەیماننامەو رێکەوتنانەی دەبنە هۆی سنووردارکردنی پێشبڕکێ قەدەغەکراون، ئیدارە فیدراڵ (کارتل) لەبۆن‌و ئیدارەکانی (کارتل) لەویلایەتەکان چاودێری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەن. لەچوارچێوەی ئەورووپاشدا کۆمیسۆنی ئەورووپایی لەچاودێری کردنی یاسای پێشبڕکێ رۆڵی گرنگ لەئەستۆیەتی. دەوڵەتی ئەڵمانیا بەو جۆرەی کە لەبوونی پێشبڕکێ لەبازاڕە ناوەخۆییەکاندا پاڵپشتی دەکات، بەپێچەوانەوە دژی هەر جۆرە سیاسەتی پشتگیری کردنە لەمەیدان، بازرگانی جیهانیدا. ئەڵمانیا لەبەر ئەوەی گرنگی دەداتە ناردنە دەرەوەی ئابووریەکەی حەزداری بوونی بازاڕە ئازادەکانە. بەرفراوانبوونی بازاڕە ناو خۆییەکانی ئەورووپا بۆ ئابووری ئەڵمانیا زۆر گرنگ‌و ژیانیە، بەپێویستی دەزانی کە بازاڕە کۆنەکان لەدەرەوەی یەکێتی ئەورووپا بپارێزێ‌و بازاڕگەلێکی نوێی بۆ زیاد بکرێت.

رێکخستن‌و شێوازدان بە سیاسەتەکانی ئابووری‌و دارایی ئەرکی هاوبەشی دەوڵەتی فیدراڵ، ویلایەتەکان‌و بەشەکانە. ئەم هەرسێ سەرچاوە لەلیژنەو کۆمۆسیۆنە جۆراوجۆرەکاندا بەشدارییان هەیە.

ئەنجوومەنی بارودۆخی ئابووری بەشە گشتیەکان پێك هاتووە لەوەزیری ئابووری فیدراڵ، وەزیری دارایی فیدراڵ، نوێنەر هەریەك لەویلایەتەکان‌و نوێنەرانی سەرچاوەو یەکێتیە خۆجێییەکان. بانکی مەرکەزی دەتوانێ لەم گفتوگۆیانە کە بەلانی کەمەوە ساڵی دووجار ئەنجام دەدرێ، بەشداری بکات. ئەنجومەنی بارودۆخی هەوڵدەدات کە بۆ تەواوی بەشداربووانی سیاسەتی ئابووری بەپێی توانا مافی یەکسانی بۆ تۆمار بکات.

پێکهاتەی ئەنجوومەنی تۆمارکردنی بەرنامەی دارایی، کتو مت وەك ئەنجوومەنی بارودۆخی ئابووری بەشی گشتیەو ئەرکیشی هاوئاهەنگ کردنی بەرنامە داراییەکانی دەوڵەتی فیدراڵ، ویلایەتەکان‌و بەشەکانە.

دەوڵەتی فیدراڵ‌و ویلایەتەکان پێویستە لەسەریان بەرنامەکانی دارایی چەند ساڵەی داهاتوو دابنێن تاوەکو بەم پێیە داهاتەکان‌و مەسروفاتەکانی گشتی لەگەڵ توانای ئابووری نەتەوەیی‌و پێداویستیەکاندا هاوئاهەنگ بن. سەرەڕای ئەمەش دەوڵەتی فیدراڵ لەراوێژکاری پسپۆڕانی سەربەخۆی ئابووری سوود وەردەگرێ. لەوانە لێژنەی راوێژکارانی ئابووریە لەوەزارەتی ئابووری، لێژنەی راوێژکارانی ئابووریە لەوەزارەتی دارایی، بنکەکانی توێژینەوەی ئابووری‌و دەستەی کارئاسانی ئابووریە کە لە ساڵی 1963 دامەزراوەو لەبارەی گۆڕانکاریە گشتیە ئابووریەکانەوە راوبۆچوونی هەیە. ئەم دەستەیە لەپێنج کارناسی ئابووری سەربەخۆ پێکهاتووەو راوبۆچوونی کارناسی خۆی تایبەت بە بارودۆخی گشتی ئابووری، گۆڕانکاریە کتوپڕیە سیاسەتە ئابووریەکان لەپاییزی هەرساڵدا دەخاتە روو. دەوڵەتی فیدراڵ لەحوزەیرانی هەرساڵدا گوزارشتی ئابووری ساڵانەی خۆی دەداتە ئەنجوومەنی فیدراڵ. لەم گوزارشتە بەرنامەی دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسەتی ئابووری‌و دارایی‌و هێڵە بنەڕەتیەکانی بەرنامەی ئابووری‌و دارایی روون دەبنەوە.

## چاکسازیەکانی دەستوری کاری 2010

دەوڵەتی فیدراڵ بەنیشان دانی (دەستوری کاری 2010) لەساڵی 2003 یەك بەرنامەی چاکسازی بەرفراوانی لەلایەن ئەنجومەنی فیدراڵەوە تەئید کرد. مەبەست لەم بەرنامەیە ئەمەیە کە مەوقعیەتی ئەڵمانیا وەك شوێنی چالاکیە ئابووریەکان لەگەڵ چاکسازی‌و یاسا نوێیەکانەوە بەشێوەی درێژ خایان بپارێزرێ. ئەڵمانیەش هەر وەکو دیموکرسیەکانیتری ئەورووپا مەسرەفی پاراستنی یەك دەوڵەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و بودجە دەوڵەت دەخاتە ژێر گوشارەوە، چونکە پێکهاتەکانی خەڵکی لەگۆڕانان، بەکۆمەکی دەستوری کاری (2010) پێویستە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی چالاکی خۆی بپارێزی‌و رێی گەشەکردنی ئابووریش تەخت بکات.

ناوەڕۆکی ئەم دەستوری کارە زەیمنە ئابووریەکان، فێرکردن، بازاڕی کار، پاك‌و خاوێنی‌و دەرمان، فەرهەنگ، خانەنشینی‌و کۆمەك بەخانەوادە دەگرێتە خۆ. بەگشتی پێویستە بە 30 کار ئەنجام دانی جۆراوجۆر لەچوارچێوەی ئەم دەستوری کارەدا مەسرەفە لاوەکیەکانی دەسمز کەم بوەوە، داواکاری لەبازاڕی ئازاددا بەرزبووەوەو بازاڕی کاریش باشتر بوو. لەحوزەیرانی 2004 ز 8 بەند بە کۆی 12 یاسای دەستوری 2010 کەوت.

لایەنەکانیتری دەستور کاری تایبەتە بە پەرەسەندنی داهێنانەکان لەتوێژینەوەو فەرهەنگ‌و فێرکردن. ئەڵمانیا مەبەستی ئەوەیە تا ساڵی 2010 لە ئەم گۆڕەپانەدا شوێنی خۆی بە ئایندەبینیەوە بەشێوەی ئاشکرا باشتر بکات.

---

## تۆی

تۆ مانگی چاوەکانت ئەستێرە
تۆ خۆشەویستیەکەت ئێجگار گەورەیە
تۆ جوانترین هەستی ناسکی
تۆ خەم لابەری ژیانی منی...
با دنیاش بزانێ تۆم خۆش دەوێ
تۆ ڕووناکی چاوەکانمی‌و چەند جوانی
تۆ سەردێڕی شیعرەکانمی
تۆ لەپەڕەی دڵم هەڵگیراوی
تۆی نیگای چاوەکانت هۆشم دەبات
تۆی لەهەستەکانم بە ئاگاییت
هەر تۆیت چاوەکانت ڕەنگاڵەن
بە هەر ڕەنگێك جۆرێك هەستم دەبەن
هەر تۆی لەسەیرەکانتا ئارام دەبەخشی
تۆی لەسەر لێوەکانت ژیان دەبەخشی
تۆی خۆزگەو ئاواتە خوازی من
تۆی یەکەم خۆشەویستی من
تۆی پڕشنگ لەچاوتا دەدرەوشێتەوە
تۆی هەتا مردن بیر ناچیتەوە...

سەرۆك





## رخە و رامە!؟

فەهمی سلێڤانەیی

دخەودا
شێرێ بۆتاو
فەقیێ سۆرا
ل سەر سفرا
میر نشینێ
بونە برا!!!
1- یەك ژوانا
ئەفسانە بو!
کو لو خەمو
ئارمانجا وی
وەك نەهەنگاو
خوارنا گا!؟
بیابان—
ژ کەڤرێن چیان
بۆ خوە کر
کەلها دم دمی!
ئەو دناڤدە
ئیمپراتۆرێ
رۆمێ بو!
فەرمان ددا
وەك فیرعەونی
بیابانی—
بکەتە چیا!؟
نەژادێ
شێرەکێ ئازا!
بکەتە مەیمون‌و
گرێبدەت
پێپەتیەکێ
بێ دەرپێ—
گورزا لێبدەت!
ئومێداوی
پەیگەرەکە
ژ بەژنا وی
داننە جهێ فیرعەونی!
2- بەلێ یێدی
رێڤینگەك بو!
دگەل هۆزو—
کۆزو رەزێن
خوە مریدەك
زك برسی یێ!
ئالایەکا نەتەوەی بو!
ئومێدا وی
لاپەڕەکێ
سپی رەنگێ
دیرۆکێ بو!
رەفتارا وی
ل گەل دوژمنی
کو گرێدای
نەژادێ وی
سوپەرمان بو!
3- ژ نیشکە کێ ڤە
ژ خەو رابوم!
من گۆ چاوا
فرشتەو—
کەسێ شەرخواز
سەروێ سفرێ
پێکرە دژیان!؟
چەرخێ مەهدی
یێ چاڤەرێ
نەهاتی یە!
کو گورگو مەڕ
پێکرە بژین!
یان دیارە
هێشتە دخەوم!؟